سودانی جێخت لەسەر گرنگی هەڵگرتنی قەدەغەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان عێراق و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا دەکاتەوە



محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران، ئەمڕۆ پێنجشەممە جێختی لە گرنگی هەڵگرتنی قەدەغەی گەشتە ئاسمانییەکان کرد کە لە نێوان عێراق و وڵاتانی یەکێتی ئەورووپادا سپێنرابوو.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتابیع کەوتووە بڵاویکردەوە،سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پێشوازی کرد لە باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق بەڕێز کلیمێنس زیمێتنەر.

وتیشی لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی هاوکارییەکانی نێوان عێراق و یەکێتیی ئەورووپا لەڕووگەی چالاککردنی بڕگەکانی یادەوتننامەی هاوبەشی و یاداشتەکانی لێکتگەیشتن، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەبەرهێنان و بازرگانی و وزە و ژینگە، بە مەبەستی خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە هاوبەشەکان.

ڕوونیشیکردەوە سەرۆک وەزیران سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ هەوڵەکانی یەکێتی ئەورووپا لە هاوکاریکردنی عێراق لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکاندا دەربڕی، کە بە شێوەیەکی باش و بە زیادبوونی ڕۆژی بەشداری

کردنی دەنگدەران بەهۆی چوونی ئەمش سەرکەوتنی حکومەتە لە گەلاندنەوەی متمانەی گشتی بە سیستەمی سیاسی و ئاماژەی بە پەسندکردنی پێژەی چاکسازی لەلایەن حکومەتەوە کرد کە ئامانج لێی بەردەوامبوونە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی داواکارییەکانی گەلی عێراق.

سودانی بانگهێشتی کەمپانیا ئەوروپیەکانی کرد بۆ بەشداریکردن لە پێژەی نۆگای گەشەپێدان بۆ زیادکردنی هاوکاری و پاپشتیکردنی دەستپەشخەرییەکە. هەروەها جەختی لە گرنگی هەگرتنی قەدەغەی فڕینی فڕین لە ناوان عێراق و یەکێتی ئەوروپا کردەوە، چونکە هەگرێ لە پڕۆپەدانی گەشتیاری و بازرگانی نێوان هەردوولا.

لای خۆیەوە باییزی یەکێتی ئەوروپا پیرۆزبایی لە سەرکی ئینجومەنی وەزیران، بەبۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ستایشی سیاسەتی حکومەتی عێراق کرد بۆ دووركەوتنەوە لەو ململانێ و شڵانێی کە ناوچەکەی گرتەتەوە، هەروەها هەوڵەکانی لە بەدیهێنانی چاکسازی ئابووری و ئەمنی و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەهۆبردنی ئاو.